# لە پەراوێزی کۆبونەوەکەی ٥/٣٠ دا

# زیادبوونی ئامارەکانی کوشتنی ژنان دەسەڵاتی هێنایە گۆ

ئا/ هانا شوان

ئەگەرچی کوشتنی دڕندانەی دوعا لەراگەیاندنو لەناو خەڵکدا بەشێوەیەك بڵاوبوەوە کە سەرنجی هاوڵاتیانی راکێشا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەبوە هۆی ئەوەی کە پەیامێکی رێگری بگەیەنێتە ئەو کەسانەی کە بەنیازی کوشتنی ژنێك یان ئەتککردنین، پاش ماوەیەکی کەم کوشتنی شەوبۆی بەدواداهات، پێش دوعاش چەندین کوشتن رویداوە تاوانەکانیش بەردەوام دەبێت. بونی کوشتنی ئافرەتان لەکۆمەڵگای کوردیدا بۆتە ئەو دیاردەیەی کە لەسەر ئاستی فراوان باسی لێوە بکرێتو لەراپۆرتە نێودەوڵەتیەکانیشدا ئاماژەی پێبکرێت، رۆژی ٥/٣٠ لە سلێمانی لە هۆڵی سەنتەری راگەیاندنو روناکبیری ژنان کۆبونەوەیەك بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر دیاردەکە کرا، بەڵام جیاوازی ئەو کۆبونەوەیە لەوەدابو کە لەسەر پێشنیاری وەزارەتی ناوخۆو بەبەشداری بریکاری وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بو، لیوا ئەحمەد موسا بریکاری وەزیر لەکۆبونەوەکەدا وتی "ئەو رۆژەی کۆلیژی پۆلیس لەلایەن بەڕێز نێچیرڤان بارزانی یەوە کرایەوە، باسی لەوە کرد دەبێت کارێك بۆ بەدواداچوونی ئەو تاوانانە بکرێتو ئێمە لەگەڵ وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ کۆبوینەوەو بڕیاری دامەزراندنی ئەو دەزگایەکمان دا" سەبارەت بەو پرۆژەیەی بریکاری وەزیری ناوخۆ لەکۆبونەوەی رۆژی ٥/٣٠ خستیە روو کە تیایدا ژمارەیەك لەرۆشنبیرانو هەڵسوڕاوانی رێکخراوە مەدەنیەکانو ژنانو ئافرەتان ئامادەیبوون، وتی "دامەزراندنو ناوو کارەکانی ئەو دەزگایە پێویستی بەراوێژ هەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە بزانن بڕیارمان داوە ئەو دەزگایە دابمەزرێنین لەپێناو پاراستنی ژنان لەتوندوتیژیو بەدواداچونی کێشەکانیان و وەزیری ناوخۆ سەرپەرشتی دەکات". روناك رەئوف بەرپرسی سەنتەری راگەیاندنو روناکبیری ژنان لەهەمان کۆبونەوەداو لەوتەیەکدا ئاماژەی بەوە کرد، کە "پێویستە هەموانو بەهاوکاری دەزگا حکومیەکان کارێك بکەین بۆ کەمکردنەوەی ئەو تاوانانە". لەهەمان کۆبونەوەدا ژمارەیەك پێشنیارو سەرنج خرانە ڕوو، ئەوەش بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکە بوو، حاکم گەشاو دادوەر لەدادگای باری کەسێتی وتی "تەنها کوشتنی ژنان نیە پەرەی نەسەندووەو تاوانبار ناگیرێت، خۆسوتاندنیش بە هەمان شێوەیە ، تا ئێستا رێکخراوێکیشمان نەبینی سکاڵا لەسەر تاوانبارێك تۆمار بکات"، بەپێی قسەکانی حاکم گەشاو لەحاڵەتی خۆسوتاندندا قوربانیەکە ناوێرێت بڵێت خۆم سوتاندووە، هەر بۆیە کەس دەستگیرناکرێت کە بێگومان هەر ئافرەتێك خۆی دەسوتێنێت کەسێك یا کەسانێك هۆکارێکن بۆ ئەو کارەی.

"بڕیاری ٥٩ هەیە، بەڵام کاری پێناکرێت"، ئەوە موداخەلەی ئەمیرە حەسەنی جیگری داواکاری گشتی بوو لەکۆبونەوەکەدا ئەو ئاماژەی دا بەو بڕیارەی کە ساڵی ٢٠٠٠ دەرچووە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە، کە بەپێی ئەو بڕیارە کوشتنی ژنان وەك تاوان سەیر دەکرێتو تاوانبار سزای سوککراوی نابێت کە پێشترو بەپێی یاسای سزادانی عێراقی هەر کەسێك یەکێك لەژنە نزیکەکانی خۆی بکوشتایەو لەکاتی دادگاییکردندا بیوتایە لەپێناو پاراستنی شەرەفدا بوو، ئەوا سزای لەچەند مانگێك تێپەڕی نەدەکرد، بەڵام بڕیاری ناوبراو بەهەر هۆیەکەوە بێت کاری پێ نەکراوە.

هاوژین مەنمی بەشدارێکی تری کۆبونەوەکە بوو، وتی "لەزۆربەی ئەو تاوانانە بەتایبەت کوشتنی ژنان بەهۆی نەبونی سکاڵاکارەوە فایلی کێشەکە دادەخرێت" ئەو مەبەستی لەخاڵێکی جەوهەری بوو کە وایکردووە فایلی ئەو تاوانانە پشتگوێ بخرێت، ئەو یاسایەی کاری پێ دەکرێت دەبێت لەحاڵەتی کوشتنی ژنێك کەسێك بچێتە بنکەی پۆلیسو سکاڵا تۆمار بکات یان شایەت بێتو شایەدی بدات، ئینجا پۆلیس بۆی هەیە بەدواداچوون بکات، لای هەموانیش ئاشکرایە کە کوشتنی ژنان یان لەلایەن کەسێکی نزیکیەوەیە یا بەرێکەوتنی کەسە نزیکەکانیەتی، ئەوەش وا دەکات کەس کێشەکە نەباتە پۆلیسو گەر ئەو کوشتنە کێشەی لێکەوتەوە لەناوخۆیاندا رێك دەکەونو کەس دەستگیر ناکرێت.

نەجیبە مەحمود لەرێکخراوی CDOئامادەبویەکی کۆبونەوەکە بو لەلێدوانێکیدا بۆ رێوان وتی "ئەگەر ئەزمونی پێشوو لەبەرچاوبگرین دەبینین ئەو سەنتەرانەی کە پێشتر دامەزراون وەك نەواو خانزاد تا لەژێر سەرپەرشتی رێکخراوەکاندا بون چالاك بون، بەڵام دواتر وانەما" ئەو لەقسەکانیدا ئاماژەی دا بەوەی کە پێویستە حکومەت لەرووی ئەمنیو مادیەوە سەرپەرشتی دەزگاکە بکەن، بەڵام لەڕووی ئیداریەوە بدرێتەوە بەرێکخراوەکانو سەنتەری نەوا لەسلێمانیو سەنتەری خانزادی لەهەولێر بەنمونە هێنایەوە، هەروەها وتی "جگە لەکاری رێکخراوو کەمپینەکان هێشتا دەسەڵات پرۆژەی دەرکردنی یاسایەکی نیە کە توندوتیژی بەهەموو جۆرەکانیەوە لەبەرامبەر ژنان قەدەغە بکات".

پەروا عەلی ئامادەبویەکی تری ئەو کۆبونەوەیە بو کۆمەڵێك سەرنجی هەبوو بۆ رێوان، خستییە ڕوو وتی "ئەگەر مەبەست لەدامەزراندنی ئەو دەزگایە تەنیا بۆ ئەوە بێت روی جوانی حکومەت دەربخاتو بۆ دەرەوە بیسەلمێنێ کە کاری لەو بوارەدا کردوە من پەسەندی ناکەم" ئەو هەر لەڕوانگەی ئەو سەرنجەی خۆیەوە دەڵێت "با رێکخراوەکان پتەوبکرێن ئەوە کارێکی باشترە لەئێستاشدا بۆشاییەك هەیە لەنێوان حکومەتو رێکخراوەکان. سەبارەت بەکوشتنی ئافرەتانیش وتی " شێوازی کوشتنی دوعا هاوشێوەی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان بوو، بەڵام لەوانەیە زۆرتر لەدەیان حاڵەتی کوشتن هەیە بەهەمان دڕندەییە، بەڵام بەچاو نەمانبینیوە، ئەوە جیاوازییەکەیە".

سۆران عەبدولقادر لەرێکخراوی ((NPAوە لەکۆبونەوەکەدا باسی لەئەزمونی سەرکەوتوی (رواندا) کرد کە بۆ بەرگرتن لەکێشەو توندوتیژییەکانی دژ بەژنان لەهەر بنکەیەکی پۆلیس کەسێکی تایبەتمەند هەیەو کار بۆ ئەو کێشانە دەکات، ئەو بۆ رێوان وتی "ئەوەی گرنگە کە وەزارەت هاتۆتە پای مەسەلەکە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە ئەوان کەسانی پسپۆڕیان نیە لەو بوارەدا" هەروەها وتی "حکومەت تۆپەکەی خستۆتەوە گۆڕەپانی رۆشنبیرانو رێکخراوەکان، کەواتە کاربکەن سبەی رۆژ گەر حکومەت کەموکورتی هەبو دەتوانین رەخنەی لێبگرین".

ئەو لەکۆبونەوەکەدا پێشنیاری ئەوەی کرد کە رێکخراوەکەی دەتوانێت کەسانی پسپۆڕ بهێنێتو ستافی دەزگای ناوبراویش بنرێتە دەرەوە.هەر لە کۆبونەوەکەدا بریکاری وەزیری ناوخۆ، سەرجەم پێشنیارەکانی بەهەند وەردەگرتو وەڵامی دایەوەو وا بڕیاریش درا کە کۆبونەوەی تر لەسەر هەمان تەوەر بکرێت.



گرتەیەک لە کۆبونەوەکە

ئا/ روناک فەرەج

# باوکە ئاگات لە کچەکەم بێت

هەندێك بەگریانەوە، هەندێك هاوار دەکەن، نامەوێت بمرم، دەمەوێ زیندو بم، هەندێك بۆ بێگوناهی خۆیان هاوار دەکەن، لەناو نادادوەریدا دەناڵێنن، هەندێك ئاوات بۆ بەخشندەیی دەخوازن، دوعا خەلیل ئەسوەد لە ئێشوئازاردا لولی دەخواردو نەماندەزانی چی دەوت... بەڵام نەجات هیچی نەوت، نەگریا، نەپاڕایەوە، پەلاماری نەدا، داوای بەخشینیشی نەکرد، ئەو بەئارامییەوە سەیری باوکی دەکرد، تا گۆڕی بۆ هەڵکەنێت، ئەو بەئارامی چووە قوڵایی گۆڕەکەوە تا باوکی ئەوەندە خۆڵ بکات بەسەریدا تا هەناسەی لێدەبڕێتو لەبینین دەکەوێت، تەماشا نەکات، هەست نەکات، فکر نەکات، شەرمەزار نەبێت، لەکەیەك نەبێت لەسەر ناموسی باوکی، گوم بێتو ئیتر نەبێت.

باوکی نەجات لەدواساتە تاڵەکەی زیندەبەچاڵکردنی کچەکەیدا وتی، کاتێك چاڵەکەم هەڵکەند، کچەکەم بەبێ ئەوەی قسە بکات چووە ناو چاڵەکە، بەبێدەنگی پاڵ کەوت، حاڵێکی خراپم هەبوو، بەڵام بیرم دەکردەوە ئەو کارەی دەیکەم تەواوە، یەکەمجار بەخاکەنازەکە خۆڵم کرد بەقاچەکانیدا، هیچ قسەیەکی نەدەکرد، تەنها چاوەکانی کرابۆوەو روو بەئاسمان خاکەکەم کردە سەر سینەو سکی هەر قسەی نەدەکرد، داوای لەمن نەکرد ئەم کارە نەکەم، ساتەکانی دوایی سەیرم کرد، بەر لەوەی دەموچاوی بەخۆڵ داپۆشم، وتی "باوکە ئاگات لەکچەکەم بێت". نەجات دەیزانی لەکۆمەڵگایەکدا کە دژایەتی ژنان سونەتێکی ریشەدارە، لەکۆمەڵگایەکدا کە دژایەتی لەگەڵ ژندا حکومەت یاریدەدەرە، بۆیە تا دواساتەکان بێدەنگ بوو، تەنها خەمیشی کچەکەی بوو.

نەجات و کەژاڵ و ئامینەو هەموو مێینەکانی تر دەیانزانی لەکۆمەڵگایەکدا دەژین سڕینەوەی مێینە سونەتێکی ریشەدارە ، لەکۆمەڵگەیەکدا کە دەسەڵاتە یەك لەدوایەکەکان وەك کۆیلە ئەوانی قبوڵە، لەکۆمەڵگەیەکدا کە هەموو پنتەکانی ژیان لەژێر فرمانی نێرینەکاندایە، لەکۆمەڵێکدا کە مژدەی سەروەری نێرینەوکۆیلەیی مێینە لەسەر دەستی پیاوانی ئاین وسیاسەت بانگەشەی بۆدەکرێت، لەکۆمەڵێکدا کە هەمیشە دەبێت وەڵامی پرسیارەکان بەبەڵی بێت، ووشەی نەخێر ئەو خەنجەرەیە کە جەستەی پیاوەتی نێرینەکان لەت لەت دەکات و رۆحی ئاوێزان بویان بەخۆپەرستی و باڵابوون تێك دەشکێنێت. ئەوان لەمێژە بەر لەکوشتنیان بەتەنها بیر دەکەنەوەو رودەکەنە ئاسمان دەگەڕێن بەدوایی پرسیارە بێوەڵامەکانیاندا، ئەوان دەزانن یاخی بونی ئەمان شۆڕشێك بۆ ئازادبون بەرپا ناکات، بۆیە ئەمانەتی کچەکانیان دەدەنە دەست جەلادەکانیان، ئەوان بەر لەکوشتنیان داکۆکی لەژیان ناکەن، بەدەنگی بەرز هاور ناکەن، روو لەئاسمان دەکەن، چاوەڕێی رۆژێکن کە گومان لەعەدالەت گومان لە ووشەی بریقەداری ئینسان بوون، ئاسمان وزەوی پێکەوە شەق کات و هەموو جەلادەکان پێکەوە قوت بات.



گرتەیەک لە زیندەبەچاڵکردنی نەجات

تاکەی تاکەی تاکەی؟؟؟؟

تێبینی/
جیرۆکەکەی نەجات لەئەنتەرنێتەوە وەرگیراوە.